**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری ژمـارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمی کوردسـتان ژمارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی ڕۆژی ٢٠٢١/١١/٢٣ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢١**

**یاسای هەمواری یەکەمی یاسای بزربووەکان لە هەڵمەتەکانی**
**لەناوبردنی بەکۆمەڵی گەلی کوردستانی عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٩**

**ماددەی (١)**

بڕگەیەك بە زنجیرەی (٦) بۆ ماددەی (یەکەم)ی یاسـاکە زیاد دەکرێت و بەم شـێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٦- ئەو کەسـانەی لە هەرێمی کوردسـتان و ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردسـتان لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی تاوانی کۆمەڵکوژی (جینۆسـاید) و دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، ئەنجامدراو لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) بزربوون، ڕێکەوتی ٢٠١٤/٨/٣ بە مێژووی جاردانی بزربوونیان دادەنرێت، و گەڕان بەدوای چارەنووسـیان لە ڕووی هۆیەکانی و کات و مەبەسـتەکەی بە تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر بزربوونیاندا کۆتایی هاتووە.

**ماددەی (٢) :** پێویسـتە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان، حوکمەکانی ئەم یاسـایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣):** کار بە دەقی هیچ یاسا و بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٤):** ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئەو گرفتە یاسـاییانەی ڕووبەڕووی کەسـوکاری قوربانیانی گەلی کوردسـتان و بەسـەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکان بونەتەوە، لە ئەنجامی ئەو تاوانانەی کە ڕێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامیداون، ئەم یاسایە دەرچووێنرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**